ئاسۆ بیارەیی
2005-1-28

# کارتی دەنگدان بەزمانی کوردی


التصويت خارج القطر 2005 / دەنگدان لە دەرەوەی وڵات 2005
رمز محطة التسجيل / ژمارەی سندوقی دەنگدان
الاسم الأول / ناوی یەکەمینی کەس
اسم العائلة / ناوی خێزان
تاريخ الولادة / رۆژی لەدایک بوون
اليوم رۆژ
الشهر مانگ
السنة ساڵ
ذكر/نێر
أنثى/مێ
توقيع المسجل / ئیمزای تۆمارکەر
المصدر
دەرچووە لە

## لەنێوان هەرگەڵ و ستەمکارێ
## ئەگەر پردێ ما بەردی لێ بارێ

**ع.ع. شەونم 1988**

**ئەگەر هەر مرۆڤێک، کوێرە خوێندەوارێکی هەبێت، لەم کارتی دەنگدانەدا بۆی دەردەکەوێت کە ئەوانەی چاپیان کردووە، چەند بڕوایان بەمافی گەلێکی چل ملێونی هەیە.**
**مامەڵەکردن بە زمانی نەتەوەیەک بەم شێوەیە، خۆی لە خۆیدا سوکایەتی کردنە بە مافی ڕەوای گەلی کوردمان.**
**بەڵی زمانی کارتەکە بەعەرەبیێکی ڕەوان و تەواو نووسراوە، بە کوردی هێچی *لە ئۆتۆنۆمییەکەی سەدام زیاتر نییە.* کێشەی گەلی ژێردەستە ئەوەیە، کە هێشتا تاڵە تیشکێکی سەرکەوتنی نەبینیوە و خەندەیەکی درۆزنانەی داگیرکەران دەیخاتە هەڵپەڕکێ و گۆرانی.**
**ئایا دەمڕاست و نوێنەرەکانی کورد، لە پایتەختی داگیرکەران(بەغدا) ئەم کارتەیان تەماشا نەکرد؟ یان لە پەرۆشی بە عەرەبی قسەکردن، زمانی دایکی خۆیانیان لە بیر چوەوە. ئەمەش وەکو مەسەلەی ئالا شومەکەی عیراق، کە هێشتا لە بەشێکی کوردستانی باشور، لە پەنا ئاڵای کوردستان و لە سەر گلکۆی شەهیدانی هەڵەبجەو ئەنفال هەڵکراوە.**
***بەداخەوە، پارتییەکانی کوردستان، بۆ جەماوەری کوردستانی باشوریان ڕون نەکردوەتەوە کە بۆچی کوردەکانی ئەوروپا، کوردی ناوچە عەرەب نشینەکان، کوردەکانی شاری کەرکوک و ناوچەکانی تری دەرەوەی دەسەڵاتی کوردستانی باشور، مافی دەنگدانیان بۆ پەرلەمانی کوردستان نییە؟ بۆچی ئەو کوردانە تەنها دەتوانن بۆ عێراق دەنگ بدەن؟ بۆچی تەنها کوردی سێ پارێزگاکە(سلێمانی،هەولێر و دهوک) دەتوانن دەنگ بۆ پەرلەمانی کوردستان بدەن؟ بۆ نابێ کورد لە هەرکوێ بێت مافی دەنگدانی هەبێت بۆ پەرلەمانەکەی خۆی.***
***ئەمە پرۆسەیەکی نهێنییە کە داگیرکەرانی کوردستان و زلهێزەکان لە باشور، کاری بۆ دەکەن، بڕوایان بەمافەکانی کورد نییە و ئەو ناوچانەش بە خاکی ئومەی عەرەبی دەزانن و ئامادەش نین دەست بەرداری بن.***
***ئەم هەڵبژاردنەی ئێستا، کۆیلەکردنێکی ئارەزومەندانەیە لە خاکی وڵاتێک کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئینسانی کوردی وەک ئینسان تەماشا نەکردوە، سەرانی کوردستانیش باش ئاگاداری ئەم ڕاستیەن. بەڵام نەبوونی یەکگرتن لە ماڵی کوردیدا ئەم دۆخەی بەسەر بزافی کورددا چەسپاندوە.***

**ئەم دەنگدانە، دەستەمۆکردنێکی دیموکراتیانەی گەلی کوردمانە. بەڵام ئەمجارە کوێخاکانی کوردیش تیایدا بەشدارن.**